

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library



رینێ دێکارت


*چەند وردبوونەوەیەک لەمیتافیزیک

*لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی پەیڕەو

*بنەڕەتەکانی فەلسەفە

د.حەمید عەزیز

لەئەڵەمانیەوە کردوویەتی بەکوردی



سلێمانی ٢٠٠٥

کوردستانی باشوور

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوبەرێتی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com



- ناوی کتێب: رینێ دێکارت
- وەرگێڕانی: د. حەمید عەزیز
- تایپ و دیزاین: سازان عومەر
- بەرگ: فەرهاد مەلا حەسەن
- زنجیرە: (۹۷۱)
- تیراژ: ۱۵۰- دانە
- چاپخانەی: چاپخانەی حەمدی
- ژمارەی سپاردنی (۳٤۱) وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی وەرگێڕ

١-کتێبی وردبوونەوەکانی دیکارت شاکارێکە لەشاکارەکانی دوای سەدە ساردوسڕەوکانی ناوەڕاست کە لەژێر باڵی ئاینی مەسیحیدا هەرچی سەرچاوەی رووناکی بوو کپ و خاموّش کراو بەسەدان ساڵ مرۆڤو شارستانیەتەکەی* لەبەهرەی ئازادی و دادو یەکسانی و پەرەسەندن و ژیانی خۆشی سەرزەمین، بەناوی ژیان و دنیایەکی تر‌ەوە بەربەست و سەخت و خەفەکران. بۆیە هیگڵ ناهەقی نەبوو کەدیکارتی بەباوکی فەلسەفەی نوێ داناوە. باوك بەمانای داهێنەری فەلسەفەیەك لەڕوخسارو ناوەڕۆکدا لەوی پێشتر جیابێ.

لەم بەرهەمەدا، بەتایبەتی ئەوانەی شارەزای میژووی فەلسەفەن هەر لەپەیدابوونیەوە تاکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، هەست بەجۆرە بارگۆڕین و گۆڕان و وەرچەرخانێك دەکەن کەتاڕادەیەکی زۆر سەرنجی هەندێ لایەن بەباشی

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بۆلای خۆی رادەکێشێ و هەندێکی تر سەغڵەت و ناڕەحەت دەکات. مەسەلەکەش بەکورتی بەمجۆرەیە:

ئەگەر سەرنجی فەلسەفەی دوای قۆناغی یۆنان بدرێت، بەتایبەتی ئەو فەلسەفەیەی لەچوارچێوەی لاهوتی مەسیحیدا زیندانی و کۆت و پەیوەند کرابوو ئەوی پەیوەندی بەمرۆڤو ژیانی ئەم سەردنیایەوە هەبایە نەدەبوو خۆی پێوە خەریک بکات، هەروەک ئەوەی بڵێی مرۆڤ ئەو سەردەمە نەبوون، نەگرفت نەکێشەی هەیەو ئەوە ناهێنێ خۆتی پێوە خەریک بکەیت. دیکارت بەئاشکرا داکۆکی لەفەلسەفە دەکات و دەڵێ: ئەگەر فەلسەفەو فەیلەسوف ئازادبن دەتوانن باشتر لەلاهوت نەرکی سەرشان جێبەجێ بکەن و بەسوودو قازانجی ژیان بکەونەوە. هەر ئەو بوو لەبەرهەمێکی تریدا وایداناوە کەئەگەر میللەتێك فەلسەفەو فەیلەسوفی باشی هەبێ بەهرەیەکە خوا پێیداوە. فەلسەفە ئەوشتەیە مرۆڤ لەئازەڵ جیادەکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە هەر لەوردبوونەوەکاندا جارێکی تر تای تەرازووی بایەخدان بەلای مرۆڤو خودی مرۆڤدا دەشکێنێ و دەیکات بەبنچینەو بنەمای گومان لێ نەکراو، کەڕاستی و راستەقینەکانی تری لێ دەکەونەوە. راستە دیکارت ئایدیالیستیەو لەزۆر بۆچوونیدا وەك دوانەڵقەی زنجیرەی فەلسەفەی پێش خۆی نەیتوانیوە بەیەکجارەکی زنجیرەکە بپچڕێنێ و تەنانەت لەهەندێ بەشی ئەم کتێبەو لەکتێبەکانی تریدا وا دێتە بەرچاو کەجێ دەستی سەدەکانی ناوەڕاستیان

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێوه دیاربێ.

بەبۆچوونی من، بەهیچ جۆرێک ناکرێ ئەم زنجیرەیە بپچڕێ، ئەمە سروشت و قانونی ژیان و پەرەسەندنە، هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەو رەخنەیە، ئەگەر بارودۆخ و فاکتەرو هەلومەرجە جۆربەجۆرەکانی ئەو سەردەمە لەبەرچاو بگرین کەدیکارت تیایدا ژیاوە، هەموو جۆرە رەواییەک لەدەست نەدات. من بەش بەحالی خۆم لەو باوەڕەدام شۆڕشی مەزنی فەرەنسای سالی ١٧٨٩ز لەلایەکییەوە زیادە فرەلایەن و فاکتەر بووە، پیادەکردنی فەلسەفەی ژیرەکی (ئەقلانی) دیکارت بووە لەوەدا مرۆڤ سروشت ناسا بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە و بیرو ژیری دوو تای یەک تەرازوون و هەر ئەو بیرو ژیرییەی مرۆڤ بوو وەک فاکتەرێک شۆڕشی فەلسەفەیی فەرەنسای هەڵگیرساند.

٢-دیکارت سالی ١٦٤٧ز بەزمانی لاتینی، زمانی زانست و شارستانی ئەو سەردەمە، کتێبی وردبوونەوەی نووسیوە. لەسەرداخوازی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەڵەمانی فلیکس ماینەر- هامبۆرگ، بەئەڵەمانی بڵاوکراوەتەوە. ئەم تێکستە ئەڵمانیە وەک بەرنامەیەک، کاتی خۆی سەردەمی خوێندکاریم لەزانکۆی مونسیتەری نۆردراین فیستیڤاڵنی ئەڵمان، خوێندومانە. بۆیە هەر ئەمەم کرد بەکوردی و هیوادارم لەکتێبخانەی کوردەواریدا جێگای شیاوی خۆی پێ ببردرێ.

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

٣-ئەو سودەی من لەنووسینەکانی دێکارتەوە بەتایبەتی و لەمێژووی فەلسەفەوە بەگشتی وەرمگرتووە بڕوای بەوە پتەوکردوم کە:

-ئایدیالیزم هەمیشە دەستپێشخەرو داهێنەر بووەو مەتریالیزم هەر تەنیا رەخنەگربووە.

قەڵادزێ
باشووری کوردستان

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library